چارەنووسی شنگال لە نێوان ململانێی پارتی و پەکەکەدا!

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٥/٠١/١٤ لە ڕاگەیاندنەکانی نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستاندا بڵاو کرایەوە کە بە بەشداریی ٢٠٠ نوێنەری ئێزیدییەکان لە چیای شنگال، نوێنەری تەقدەم و جێگری مەڵبەندی مووسڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان "ئەنجومەنی کاتی ئێزدییەکان" بە مەبەستی زەمینەڕەخساندن بۆ ئاواکردنی کانتۆنی خۆبەڕێوەبەریی شنگال دامەزرا. لەم کۆبوونەوەیەدا بۆ دامەزراندنی کۆمیتەکان و دانانی بناغەی خۆبەڕێوەبەریی، بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنێکی ٢٧ کەسیی لە ژێر ناوی "ئەنجوومەنی ئێزدییەکانی شەنگال" درا.

باسی دامەزراندنی کانتۆنی شنگال لە لایەن پەکەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەک دوای بەڕێوەچوونی فەرمانی ٧٣ هەمین کە لە ساڵی ڕابردوودا لەلایەن چەتەکانی داعشەوە لەسەر ئێزیدییەکان بەڕێوە چوو. بەرگریی نەکردنی هێزەکانی پێشمەرگە دوای هێرشی داعش بۆ ئەم ناوچەیە کە لەژێر دەسەڵاتی پارتی دێموکراتدا بوو، زەمینەی هاتنی پەکەکەی بۆ چیای شنگال ڕەخساند و دوای بەهاناوەچوونی شەڕڤانانی پەیەدە لە ڕۆژئاواوە و هەپەگە لە قەندیلەوە، پێگەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی پەکەکە لەم ناوچەیەدا بەهێز بوو و لە بەرامبەریشدا پێگەی پارتی دێموکرات وەک بەرپرسی پاراستنی ئەم ناوچەیە لاواز بوو. ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە بەرگریی نەکردنی هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی دێموکرات لە کاتی هێرشی داعش بۆ شنگال، بوو بە هۆی بەجێمانی شارۆچکەی شنگال و کۆمەڵگەی ئێزیدییش بە گشتیی بەبێ پشتیوان و پارێزەر مانەوە لە بەرامبەر هێزێکی جیهادیی ترۆریست کە بە بیانووی جیهاد و حەڵاڵبوونی گیان وماڵی ئێزیدییەکان، بە هەزارانیان لێ کوشتن و بە هەزارانیشیان وەک خەزا بەتاڵان بردن و خەڵکەکەی تریش بە ئازارێکی زۆرەوە ئاوارەی چیای شنگال و شارەکانی تری باشوور، باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بوون.

ئەم تراژیدییە مێژووییە لە کاتێکدا بەسەر ئێزیدییەکاندا هات کە پارتی دێموکرات لە ماوەی یەک دوو ساڵی ڕابردوودا نێوە نێوە باسی سەربەخۆیی باشووری کوردستانی هێناوەتە گۆڕ کە داوایەکی گەورە و لەبنەڕەتدا ڕەوایە بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵام وەک دەرکەوت پێویستیی بە خۆئامادەکردنێکی زۆرە بەتایبەت لە بووارەکانی ئابووریی و نیزامییەوە. هاوکات بەڕێز مەسعوود بارزانیی ڕەخنەی توندیشی لە مالیکی دەگرت کە دوای هۆشیارکردنەوەی بۆ مەترسیی هێرشی

داعش بۆ سەر مووسڵ، گوێی لە مەترسییەکان و ڕێنوێنییەکانیانی نەگرتبوو، لەکاتێکدا پێشمەرگەکانی پارتی کە لەپێشدا لەم مەترسییانە ئاگادار بوون، لە کاتی هەڵاتن لە شنگالدا، ڕووی هێزەکانی مالکییان لە مووسڵ سپی کردەوە و فرسەتیشیان ڕەخساند بۆ گەریلا ئامادەکانی پەکەکە کە لەم مەیدانەدا هەم خاوەنی قسە و هەم کردەوە بوون.

دوای کارەساتی شنگال خەڵک چاوەڕوان بوون کە پارتی دێموکرات، کەسانی بەرپرسی پێشمەرگە لە شنگال بە توندترین شێوە سزا بدات، لە کاتێکدا تەنیا بە شێوەیەکی نافەرمیی ڕاگەیەندرا کە بەرپرسی لقی پارتی لەم ناوچەیە لە کارەکەی دوور خراوەتەوە، بەڵام تەنیا ڕۆژێک دواتر ئەم بەرپرسە لە سەر کەناڵی ڕووداو ئەم هەواڵەشی ڕەت کردەوە و وتی ئەو ئێستاش هەر بەرپرسی پارتی لە شنگاڵە!... بۆیەش سزانەدانی پێویستی بەرپرسان و فەرماندەکانی پێشمەرگە لەم تاوانەدا، هەڵەیەکی تری پارتی دێموکرات بوو کە دڵی خەڵکی کوردستان بە گشتیی و خەڵکی ئێزیدیی بەتایبەتیی لەم پارتە ڕەنجاند.

لەم ساتەوەختەدا بەهاناوەچوونی پەکەکە و شەڕڤانەکان لە قەندیل و ڕۆژئاواوە ئەم دڵگەرمییەی درووست کرد کە هەم یەکگرتوویەک لەنێوان هێزە کوردستانییەکان بێتە ئاراوە و هەم بە زوویی شنگال و خەڵکە بەتاڵانچووەکەی ڕزگار بکرێن و ئەمەش لە ئاسەوارە خراپەکانی داگیرکرانی شنگال و بەتاڵانچوونی ژنان و مناڵانی ئێزیدیی کەم بکاتەوە، بەڵام درێژبوونەوەی ئەم ماوەیە و پاشان کێبەرکێی پەکەکە و پارتییش بۆ هاندانی خەڵکی ئێزیدیی لە دژی یەکتر، ئەم خەڵکە لێقەوماوەی بەر لەوەیکە برینەکانیان سارێژ بن، لە ئاوارەیی و لێقەوماوییدا کرد بە دوو بەش کە بەشێکی بە هەر هۆیەکەوە ئێستاش لەگەڵ پارتیی دایە و بەشێکیشی تووڕە لە سیاسەتەکانی پارتیی، بەهۆی بەهاناوەچوون و بەرگریی هەپەگە و پەیەدە لەم ماوەیەدا، لایەنگریی لە پەکەکە دەکەن. دیارە پەکەکەش ئەمەی بە فرسەتێک زانیوە تا لە ڕێی دامەزراندنی سیستەمی خۆسەریی و بەکانتۆنکردنی شنگالەوە، ئەم ناوچەیە بۆ لایەنگرانی خۆی و هێزەکانی لە داهاتوودا یەکلایی بکاتەوە .

**بەڵام ئاخۆ سیاسەتی بەکانتۆنکردنی شنگال و دامەزراندنی سیستەمی خۆسەریی لەم ناوچەیەدا چەندە کارێکی واقعیی و کردەییە؟**

وەک ئاشکرایە شنگال بەشێکە لە خاکی باشووری کوردستان و لە بوواری یاسای نێودەوڵەتییەوە بە باشوورییشەوە بەبێ خواست و حەزی کورد، ئەورۆ بەشێکە لە خاکی ئێراق و ئەوەیکە حیزبێکی بەشێکی تری کوردستان بیهەوێت یاسا و داخوازییەکانی خۆی لەم بەشەدا عەمەلیی بکات، کارێکی ئاوا هاسان نییە. ئەوە لە کاتێک دایە کە پەکەکە خۆی لەگەڵ کۆمەڵێک پرس و گرفتی زۆر جیددیی بەرەورووە کە سەرەکیترینیان بریتیین لە: ناڕوونیی و ناجیدیی بوونی دەوڵەتی تورکییە لە پرۆسەی ئاشتیی لەگەڵ کورد دا، لە زیندان مانەوەی بەڕێز ئۆجەلان دوای ئەم هەموو هەوڵەی بەڕێزیان بۆ ئاشتیی و ئەم هەموو پاشەکشەیە لە خواستە سەرەکیی و سەرەتاییەکانی پارتەکەی لەپێناو ئەم ئاشتییەدا، و هەروەها گەمارۆدرانی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا لە لایەن داعش و تورکییەوە، کە ئەگەر گرفتی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناو لیستی تیرۆری وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بخەینە سەر ئەم گرفتانە، بەم ئاکامە دەگەین کە پەکەکە ئەگەر تەنانەت وەک ئامانجێکی ئایدۆلۆژیکیش بیهەوێت شنگال بە کانتۆن بکات، ڕیسکێکی زۆر گەورە دەکات لەم قۆناخەدا، ڕیسکێک کە هەرگیز بایەخی ئەمەی نییە کە ئەم گرفتانەی لە سەرەوەدا کورد لە باکوور و ڕۆژئاوادا لەگەڵیان بەرەورووە و پەکەکە خۆی وەک بەرپرسی سەرەکیی چارەسەرییان دەزانێت و نرخێکی زۆریشی بۆ داون، لە پێناو کانتۆنی شنگالدا (کە عەمەلییش نییە) ئەم ئامانجانە لەگەڵ مەترسیی جیدیی بەرەوڕوو بکاتەوە. دیارە بێجگەلە ئەم گرفتانە کە پەکەکە لەگەلیان دەستەو یەخەیە، نابێ ئەم ڕاستییەش لەبیر بکرێت کە وەها گۆڕانکارییەکی گەورە، واتە بە کانتۆنکردنی شنگال یان هەر بەشێک لە باشوور، پێویستە لە ڕێی پارلمانی باشووری کوردستان یان دانپێدانان و بەفەرمییناسینی پارلمانی ئێراقەوە یەکلایی بکرێتەوە نەوەک لەڕێی دامەزراندنی یەکلایەنەی ئەنجوومەنی ئێزیدییەکان. بۆیە بە ڕای من بەشێک لەم سیاسەتەی پەکەکە بۆ شنگال لە باشتریین حاڵەتدا دەکرێت لە ڕێی پشتگیریی لایەنەکانی نزییک لە خۆی، لە پارلمانی کوردستاندا جێبەجێ بکرێت، نەوەک بە دامەزراندنی یەکلایەنەی ئەنجوومەن یان کانتۆن بۆ شنگالییەکان .

وەک ڕوونە مەترسییەکانی سەر کوردستان لەم قۆناخە مێژووییەدا دوای لەگۆڕ نرانی بەهاری عەرەبیی و شین بوونەوەی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی تر لە شوێنی ئەم بەهارە نامۆبارەکەدا، کە مەترسیی شەڕێکی درێژخایەن و گەورەتریشی لێ دەکرێت، ئەگەر گەمارۆدرانی خەڵکی کوردستان لە لایەن چوار داگیرکەری مێژوویی لە لایەک و داگیرکەری پێجەم (داعش) کە

مەترسییدارترین و دڕندەترینیانە، بەم گرفتانەوە زیاد بکەین و لەم ڕاستییەش تێ بگەیین کە کوردستان کەوتۆتە ناوەڕاستی ئەم شەڕەوە، بەم ئاکامە دەگەین کە لەم قۆناخەدا هەر دوو لایەنی پارتی دێموکرات و پەکەکە چ بۆ پاراستنی خۆیان و چ بۆ بەئاکام گەیشتنی پرۆسەی ئاشتیی باکوور و ڕزگاریی ڕۆژئاوا و پاراستنی ئەزموونی باشووریش، لە هەموو لایەنێک زیاتر پێویستییان بە یەکترە و پێویست بوو ئەم دوو لایەنە پێشەنگی ئاشتی و تەبایی ناو لایەنە کوردستانییەکان بان نەوەک بۆ خستنە پێشی سیاسەتێک یان کارت و فاکتەرەکانی فشار بۆ سەر یەکتر، ببنە پێشەنگی ناکۆکییەکان لە کوردستان .

بۆیە ، بەپێچەوانەی زۆر یەک لە دۆستان کە سیاسەتی بەکانتۆنکردنی شنگال لە بەرژەوەندیی خەڵکی شنگال دەزانن، بە تێگەیشتنی من سیاسەتی هیچ کام لە پارتی دێموکرات و پەکەکە لە بابەت شنگالەوە لە بەرژەوەندیی کوردستان بە گشتیی و خەڵکی کورد بەتایبەتیی نیین، بەڵکو شنگال و شنگالییەکانم وەک قوربانیی بەشێک لە فەرماندە پێشمەرگە بازرگانەکانی پارتی لە لایەک و سیاسەتی یەکلایەنەی پەکەکە بۆ بەکانتۆنکردنی کوردستان دێتە بەر چاو کە لەم بابەتەدا بەر لە هەموو کەس خەڵکی شنگالە کە دوای کارەساتی فەرمانی ٧٣هەمین، دووبەرەکییشیان دەکەوێتە ناو و بەسەر دوو لایەنی پارتی و پەکەکەدا دابەش دەبن و تەنانەت لەگەڵ مەترسیی شەڕی خۆبەخۆش بەرەوڕوو دەبن. هاوکات وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، ئەم ڕکابەرییانەی پەکەکە لەگەڵ پارتیی، بە زیانی پرۆسەی ئاشتیی باکوور و پاراستن و سەرکەوتنی کانتۆنەکانی ڕۆژئاواشە کە پەکەکە پێویستە وزەی سەرەکیی خۆی بۆ ئەم بابەتانە تەرخان بکات کە زۆر لە بەکانتۆنکردنی شنگال گرینگترن، هەروەها بە زیانی باشووری کوردستانیشە کە لەگەڵ فشارەکانی ئێران و گەمارۆکانی دەوڵەتی شیعەی ئێڕاق لە لایەک و هیرشی سوننیەکانی داعشیش لە لایەکی تر بەرەوڕوویە.

لە کۆتاییدا ئەم بۆچوونەی من بە واتای دژایەتیی من لەگەڵ کانتۆن یان خۆسەریی دێموکراتیک بۆ شنگالییەکان نییە، بەڵکو ئەم تێگەیشتنەی من پێوەندیی بە بارودۆخی ئێستای ناوچەکە و کوردستان و عەمەلیی نەبوونی ئەم کارەوە هەیە چ لە بوواری یاسای نێودەوڵەتییەوە و چ لەم بابەتەوە کە شنگال بەشێکە لە باشووری کوردستان و پارلمانی باشووری کوردستانیش بە هەموو کەمووکووڕییەکانییەوە نوێنەری یاسایی ئەم بەشەی خەڵکی کوردستانە. بەڵام لێرەدا یەک ئەگەر هەیە کە پەکەکە بتوانێ بەشێک لە خواستەکانی لە بابەت شنگالەوە بە کردەیی بکات،

ئەویش بەرگریی لە مافی خۆبەڕێوەبردنی خەڵکی شنگال و هێزی پارێزگارییکردن لە خۆیانە، بە یەک مەرج کە لە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا بێ و بێ ئەوەش کە ناوی خۆسەریی یان کانتۆنی لێ بنرێت. بێجگەلەوە، پێداگریی لەسەر هەر سیاسەتێکی تر بە ڕای من دەتوانێ ئەم دوو هێزە کوردستانییە بە گژ یەکدا بکات و فەرمانی ٧٤مینیش لە لایەن خەڵکی شنگال خۆیان و ئەم دوو هێزەوەش بەسەریاندا بسەپێت، کە هیوادارم ئەم دوو لایەنە دوورتر بڕواننە ئەم بابەتە و هاوکاریی و ڕێکەوتن و هاوپشتیی هەر دوو لایەن و هەموو لایەنە کوردستانییەکان، جێی ئەم دووبەرەکییە بگرێتەوە.

هیوای وەخۆهاتنەوە و یەکگرتوویی هەموو لایەنە کوردستانییەکان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە لەمێژیینەکانی گەلەکەمان و لەگۆڕنانی پیلانەکانی ناحەزان و داگیرکەرانی کوردستان.

سوورکێو زەکی

١٧/٠١/٢٠١٥ سوید